# پێنج شتم پێدراوە، بە هیچ یەکێك لە پێش من نەدراوە

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێنج شتم پێدراوە، بە هیچ یەکێك لە پێش من نەدراوە: پێم بەخشراوە چاندنی ترس (لە دڵی دوژمنەکان) پێش گەیشتن پێیان بە ماوەی مانگێک، وزەوی کراوە بە مزگەوت وهۆکاری پاککردنەوە بۆ من، بۆیە لە هەر شوێنێک پیاوێک لە ئومەتەکەم گەیشتە کاتی نوێژ کردن ئەوا با نوێژ بکات، وغەنیمە (دەستکەوتەکانی جەنگ) بۆ من حەڵاڵکراوە وبۆ هیچ کەسێك لە پێش من حەڵاڵ نەکرابوو، وشەفاعەت کردنم پێبەخشراوە، وپێغەمبەرانی تر دەنێردران بۆ قەومەکەی خۆیان بە تایبەتی، ومن نێردراوم بۆ هەموو خەڵکی بە گشتی».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە پێنج تایبەتمەندی بە ئەو بەخشیووە کە بە هیچ پێغەمبەرێکی تر نەبەخشراوە لەپێشی: یەکەم: بە ترساندن سەرخراوم، ترس دەچێنرێتە نێو دڵی دوژمنانم ئەگەرچیش دووری نێوانمان بە ئەندازەی مانگێکە. دووەم: زەوی کراوە بە مزگەوت بۆ ئێمە؛ لە هەرشوێنێك بین نوێژەکانمان دەکەین، وخاکی سەر زەوی پاککەرەوەیە بۆمان لەکاتی نەبوونی ئاودا. سێیەم: دەستکەوتەکانی جەنگ (غەنیمە) بۆ ئێمە حەڵاڵ کراوە، ئەمیش ئەو شتومەکانەیە کە مسوڵمانان دەستیان دەکەوێت لەکاتی جەنگیان دژی کافرەکان. چوارەم: شەفاعەتی مەزنم پێبەخشراوە؛ بۆ هێورکردنەوەی خەڵکی لە ناڕەحەتی وەستان لە ڕۆژی قیامەتدا. پێنجەم: بۆ هەموو خەڵکی نێردراوم؛ بۆ هەموو مرۆڤ وجنۆکەکان، بەپێچەوانەی پێغەمبەرانی پێشوو کە بەتایبەتی دەنێردران بۆ گەلەکانیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3503

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee